زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر

University of Salaheddine

کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابوری

بەشی کارگێری ڕێکخراوە گەشتیارییەکان


# (کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر بازارگەری خزمەتگوزاری گەشتیاری)

## توێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ ڕای بەڕێوەبەرایەتی  هۆتێلەکانی پێنج ئەستێرە لە شاری هەولێر

توێژینەوەکە پێشکەشی ئەنجومەنی بەشی کارگێری ڕێکخراوە گەشتیاریەکان دەکرێت، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە پسپۆڕی کارگێری ڕێکخراوە گەشتیاریەکان


ئامادەکردنی لە لایەن قوتابیان:

ڕۆمی ڕەشید فەتاح

ژینە شکر عثمان

تەنها ڕزگار خالید

بەسەرپەرشتی:

م.فاروق حکیم نجم



٢٧٣٤ك		١٤٤٥ك		٢٠٢٤ز

# ئایەت

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَن يَشَاءُ ۚ وَمَن يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْرًا كَثِيرًا ۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُو الْأَلْبَابِ**

**البقرة (٢٦٩)**

## بەڵێننامە

ئێمە بەڵێن دەدەین کە ئەم توێژینەوەیە(کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لەسەر کەرتی گەشتیاری)کە پێشکەشی لیژنەی کارگێری ڕێکراوە گەشتیارییەکان زانکۆی سەلاحەدین کراوە بەتەواوی لەلایەن ئێمەوە نوسراوە ئەنجامەکانی لەکارو کۆششی دڵسۆزانەی ئێمەیە پێشر بۆ هیچ لایەنێکی دیاریکراو پێشکەش نەکراوە.

**ناوی قوتابیانی توێژە**

**ڕۆمی ڕەشید فەتاح** — **ئیمزا**

**ژینە شکر عثمان** — **ئیمزا**

**تەنها ڕزگار خاڵد** — **ئیمزا**

## پشتگیری سەرپەرشتیار

پشتگیری توێژینەوەی(کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لەسەر کەرتی گەشتیاری) لەلایەن قوتابیان(ژینە شکر عثمان، تەنها ڕزگار خالًد، ڕۆمی ڕەشید فەتاح) ئامادەکراوە بەتەواوی پابەندی و ڕێنماییەکان

**ناو واژۆی سەرپەرشتیار**

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی توێژینەوە ناوی قوتازیانقوتابیان(ژینە شکر هثمان، تەنها ڕزگار خالًد، ڕۆمی ڕەشید فەتاح) لەژێر ناو و نیشانی(کاریگەری بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لەسەر کەرتی گەشتیاری)کرد، لە ئەنجامدا ئەم بڕیارەی خوارەوە درا:

ـ پەسەند کراوە

ـ پەسەند کراوە بۆیە پێویستە لەماوەی(   ) لەماوەی(   ) بکاتەوە

ـ پەسند کراوە بۆیە پێویستە لەماوەی داهاتوو دووبارە بکاتەوە

ناوی و واژۆی ئەندام                ناوی و واژۆیئەندام ناو                واژۆی سەرۆک لیژنە

## پیشکەش بە

ئەم توژینەویە پێشکەش دەکەم بە دایک و باک و خێزانم و ئەو مامۆستایانەی کەهەر لە قۆناغی سەرەتایی تا ئێستا یارمەتی دەرم بوونە و پێشکەش بە مامۆستای ئەزیز و بەڕێزم(م.فاروق حكيم نجم) دەکەم.

# سوپاس پێزانین

سوپاس و ستایشی خودای گەورە دەکەم کە گەیاندمی بە قۆناغی بەکالۆریۆس، ونوسینی توێژینەوەم، سوپاسی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابوری دەکەم سوپاسی بەڕێوەبەری بەشەکەم و مامۆستاکانم دەکەم بەتایبەت(م.فاروق حکیم)ی بەڕێز دەکەین بە دڵگەورەیەکی زۆرەوە هاوکارمان بوو سەرپەرشتیکردین بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکەمان، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەین کا یارمەتییان داین بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکەمان

# پوختە

لەم توێژینەوەیەدا باس لە کاریگەری تەکنەلۆجیا دەکەین، کاریگەریەکی ئەوتۆی هەیە لەسەر پێشکەوتنی گەشت و گوزار لەبەر ئەوەی تەکنەلۆجیا بەژێر خانی وڵات دادەنرێت، دوواکەوتن لە تەکنەلۆجیا دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەرتی گەشتیاری و بە ژێر خانی وڵات، ئێمە هەوڵدەدەین کێشەو گرفتەکانی باس بکەین بۆ ئەوەی بگەین بە ئەنجامێک لەو توێژینەوەیەی کە دروستمان کردووە.

# پێشەکی

لە ئێستا دا کەرتی گەشتیاری بەیەکێک لە گرنگترین چاڵاکیەکانی جیهان دادەنرێت، گەشەسەندنی خێرای کردووە لە بواری تێرکردنی ئارەزوەکانی گەشتیار و مرۆڤ بۆ بەسەربردنی کات بۆ پیشەی سەربەخۆ و هاتنە ژورەوەی گەشتیاری و بەرهەم و خزمەت گوزاری تایبەت بەخۆی هەیە، هاوکات بەژداریشە لە زیادکردنی داهاتی نیشتیمانی، سەرەڕای هێنانی دراوی بیانی پەرەپێدانی پێکهاتەی بنەڕەتی جۆراوجۆر وڵاتان، دوواتر گەشتیاری بوەتە پیشەیەکی کاریگەر لە زۆرێک وڵاتاندا و لە سەرانسەری جیهاندا.

# لیستی ناوەڕۆک


| بابەت | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| ناونیشان | I |
| ئایەتی قوئان | II |
| بەڵێننامە | III |
| پشتگیری سەرپەرشتیار | IV |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | V |
| پێشکەش بە | VI |
| سوپاس و پێزانین | VII |
| پوختە | VIII |
| پێشەکی | Ix |
| بەشی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە | |
| یەکەم:گرفت و کێشەی توێژینەوە | ١٤ |
| دووەم: گرنگی توێژینەوە | ١٤ |
| سێیەم: ئامانجی توێژینەوە | ١٥ |
| چوارەم: مۆدێلی توێژینەوە | ١٦ |
| پێنجەم: گریمانەکانی توێژینەوە | ١٧ |
| شەشەم: سنوری توێژینەوە | ١٧ |
| حەوتەم: کۆکردنەوەی داتا و زانیاری | ١٧ |
| هەشتەم: سایلی توێژینەوە | ١٧ |
| بەشی: دووەم | |
| چەمکی تەکنەلۆجیا | ١٨ |
| پێناسەی تەکنەلۆژیا | ١٩ |

| | |
|---|---|
| سودەکانی تەکنەلۆژیا | ٢٠ |
| زیانەکانی تەکنەلۆژیا | ٢١ |
| هوتێڵ کریستاڵ | ٢٢ |
| بەشی سێیەم | |
| بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری | ٢٥ |
| بازاڕی گەشتیاری | ٢٦ |
| بەشي چوارەم | |
| باسی یەکەم: پرسیارەکانی تایبەت بە کەسایەتی کە ڕاپرسیان لەگەڵ دەکەین | ٢٨ |
| باسی دووم: پرسیار باسی یەکەم کانی تایبەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە | ٣١ |
| باسی سێیەم :کوالێتی خزمەتگوزاری گەشتیاری | ٣٨ |
| دەرئەنجامەکان | ٤٥ |
| ڕاسپاردەکان | ٤٦ |
| سەرچاوەکان | ٤٧ |

## لیستی خشتەکان


| ژمارە | ناو | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٤-١ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە | ٢٨ |
| ٤-٢ | ئاستی تەمەنی نموونەی توێژینەوە | ٢٩ |
| ٤-٣ | ئاستی ڕۆشنبیری نموونەی | ٣٠ |
| ٤-٤ | شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە | ٣٠ |
| ٤-٥ | پێشوازی کردنی کارمەندانی هۆتێلەکان هەموویان لە یەک ئاستدان؟ | ٣١ |
| ٤-٦ | نرخی مانەوەی لە هۆتێلەکانی پێنج ئەستێرەی زیاتر بێت بە بەراورد بە هۆتێلەکانی تر | ٣٢ |
| ٤-٧ | زۆربونی ژمارەی هۆتێلەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نرخی مانەوەیان | ٣٢ |
| ٤-٨ | هۆتێلەکان لە ئاست داواکاریەکانی میوانەکانیان | ٣٣ |
| ٤-٩ | نرخی مانەوە لە هۆتێلەکان جیاوازە | ٣٤ |
| ٤-١٠ | پێشوازی کردنی کارمەندانی هۆتێل لە ئاست داواکری میوانەکانیانە | ٣٥ |
| ٤-١١ | ئایە خزمەتگوزاریەکان لە هۆتێلێک بۆ هۆتێلێکی تر جیاوازیان هەیە | ٣٦ |
| ٤-١٢ | هۆتێلەکان هەموو خزمەت گوزاریەک پێشکەش بە تاکەکان دەکەن | ٣٦ |
| ٤-١٣ | مەرجە هۆتێلەکان پاک و خاوێن بن لە هەموو ڕوێکەوە | ٣٧ |
| ٤-١٤ | ئایە تا چەند پێویستە بەڕێوەبەری هۆتێلەکە شارەزاییان لە بواری ئینتەرنێت هەبێت | ٣٨ |
| ٤-١٥ | ئایە پێویستە لە هەموو هۆتێلەکان ئینتەرنێت هەبێت | ٣٩ |
| ٤-١٦ | ئایە زانستی کۆمپیوتەر کاریگەری لەسەر بەڕێوەبەرەکان هەیە بۆ پێشکەش کردنی کوالێت و خزمەتگوزاری باشتر | ٤٠ |
| ٤-١٧ | ئایە پێویستە جگە لە بەڕێوەبەرەکان دەبێ کارمەندەکانیش شارەزاییان لە کۆمپیوتەر هەبێت | ٤١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤-١٨ | ئایە تا چەند بەڕێوەبەرەکان ئەپلیکەیشن بەکاردێنن بۆ ڕیکلام کردن | ٤١ |
| ٤-١٩ | ئەپلیکەیشنەکان هیچ کاریگەریان لەسەر گەشتیار هەیە بۆ هەلبژاردنی کوالێتی خزمەتگوزاری هۆتێلەکان | ٤٢ |
| ٤-٢٠ | ئایە تا چەند بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن گەشتیاران دەبێتە هۆی هەلبژاردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری | ٤٢ |
| ٤-٢١ | مۆبایل هیچ کاریگەری هەیە لەسەر گەشیار و بەڕیوەبەرەکان | ٤٢ |
| ٤-٢٢ | سایەتەکان تا چەند دەتوانێ یارمەیتی دەری گەشتیارەکان بێت لە هەلبژاردنی باشترین کوالێتی خزمەتگوزاری هۆتێل | ٤٣ |
| ٤-٢٣ | دانانی سایت لە هۆتێلەکان تا چەند یارمەتی دەرە بۆ ڕێکلامکردن بۆ شمەک و خزمەتگوزاریەکان | ٤٤ |

## بەشی یەکەم: میتۆدی توێژینەوە

### یەکەم: گرفت(کێشە)ی توێژینەوە

١ـ کاریگەری ئەخلاقیەکانی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا وەک ناسینەوەی دەموچاو بایۆمەتری لەگەشتیاری مامەڵەی پارێزراو و شەفاف چۆن کاریگەری لەسەر متمانەو ڕەزامەندی گەشتیاران هەیە، بۆ تایبەت مەندی ئاسایش لەکاتی حجز کردنی شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەکی ئۆنلاین

٢ـ کاریگەری تەکنەلۆجیا لەسەر کەرتی گەشتیاری چیە لەسەر ئاستی تاکەکانی کۆمەڵگا توێژینەوە لەسەر هۆتێلەکانی پێنج ئەستێرە لە هەولێر.

٣ـ ئاستی هۆشیاری بەڕێوبەرانی هۆتێلی پێنج ئەستێرە خراپی کوالێتی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا، کەمی خزمەت گوزاری ناو هۆتێلەکانی پێنج ئەستێرە کاریگەری دەکاتە سەر کەمبوونی گەشتیار.

### دووەم: گرنگی توێژینەوە

١ـ گرنگی ئەم توێژینەوە لەوە دایە کەوا باسی کارتی گەشتیاری کردووە وەک کەرتی ئابووری گرینگ کەوا یارمەتی پەرەپێدانی ئابوری دەدات وە کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەردەکات لەوانە بێکاری، چونکە بەشێکی بنەڕەتی داهات و تاک سەرچاوەیەکە بۆ بەدەست هێنانی دراوی بیانی، بۆیە گرینگە پەرە بەم کەرتە بدرێ لەڕێگەی توێژینەوەی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا.

٢ـ گرنگی ئەم توێژینەوە لەوە دایە کەوا ئەم ڕێگایانە ئاشکرا بکەین کە تەکنەلۆجیا کاریگەری ئەرێنی لەسەر سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاری هەیە، ئەمەش وادەکات هۆتێلەکان زیاتر سەرنج ڕاکێش بن بۆ کۆمەڵێکی فراوانتر لە گەشتیاران.

٣ـ گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە کەوا باسی دەزگا گەشتیاریەکان دەکات، کەچۆن خۆیان دەبینەوە لە هۆتێلە گەشتیاریەکان، چونکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەڕێوەبردن و بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاری لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا وەک ئامرازێک بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی گەشتیاری.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

١- دەرخستنی کاریگەری تەکنەلۆجیا لەسەر ڕاکێشانی گەشتیاری لە هۆتێلەکانی پێنج ئەستێرەکانی هەولێر لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

٢- زانینی ئاستی هۆشیاری بەڕێوەبەرانی هۆتێلە پێنج ئەستێرەیەکانی سەنتەری شاری هەولێر بۆ گرنگی تەکنەلۆجیا.

٣- باشترکردنی کوالێتی ئامرازەکانی تەکنەلۆجیا بۆ کەرتی گەشتیاری.

**چوارەم: مۆدێلی توێژینەوە**



**پێنجەم: گریمانی توێژینەوە**

H1: پەیوەندەیەکی بەهێز هەیە لە نێوان تەکنەڵۆجیا و کەرتی گەشتیاری بەهۆی زیادبوونی جۆری ئامرازەکانی مکنەڵۆجیا

H0: تا بەکارهێنانی تەکنەڵۆجیا لە هۆتێڵەکانی گەشتیاری باشتر بکرێ زیاترسەرنجی گەشتیاران ڕادەکێشێت.

**شەشەم: سنوری توێژینەوەکە**

١ـ سنوری کاتی/ کاتی دەست پێکردنی توێژینەوە(١٥-١٠-٢٠٢٣) تا کاتی ئامادەکردنی توێژینەوە بۆ گفتوگۆکردن(١٥-٤-٢٠٢٤) کۆتایی پێدێت.

٢ـ سنوری شوێنی/ ئەم توێژینەوەیە ئەنجام دەدەین لە بەشێک لە هوتێڵەکانی شاری هەولێر

**حەوتەم: کۆکردنەوەی داتا و زانیاری**

لایەنی تیۆری/ پشت بەستن بە سەرچاوەی ئەکادیمی و کتێب و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستیەکان و ئەنتەرنێت

لایەنی مەیدانی/ پشت بەستراوە بە فۆڕمی ڕاپرسی، بەسەردانیکردنی هۆتێڵە گەشتیاریەکانی سەنتەری شاری هەولێر لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی تایبەتەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەم هۆتێلانە لەپێناو بەدەست هێنانی داتا و زانیاری.

**هەشتەم: سەمپلی توێژینەوە**

بۆ کۆمەڵگای سامپڵی توێژینەوەکەمان بەشێک لە بەڕێوەبەرانی هۆتێڵەکانی شاری هەولێرمان هەڵبژارد

## بەشی دووەم

## چەمکی تەکنەلۆجیا

تەکنەلۆژیا لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا شۆڕشی جیهانی بەرپاکرد بەڵام بەڵام ئەو شۆڕشە بێ هۆکار نەبوو و بۆ بەدەستهێنانی چەند شتێک بوو، لەکاتێکدا کە ژیانکردن لە جیهانێکی پڕ لە تەکنەلۆژیا چەند سوودێکی گەورە هەیە، بەڵام دەبێت هەندێک لە خاڵە نێگەتیڤەکانی تەکنەلۆژیاش لەبەرچاو بگرین کە ژیانمانی گۆڕیوە، تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر ئەو جیهانە کردووە کە تێیدا دەژین و ژیانمانی گۆڕییوە، لەگەڵ بەکارهێنانی مۆبایل و کۆمپیوتەر و دەرفەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە دەتوانین ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و ٧ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بەکاریان بخەین(بختی، محمود،٢٠١٠،٢٨).

# پێناسەی تەکنەلۆژیا

تەکنەلۆژیا بریتییە لە بەکارهێنانی زانست بۆ گەیشتن بە ئامانجە پراکتیکییەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو و دووبارە بەرهەمهێنانەوە. هەروەها ڕەنگە وشەی تەکنەلۆژیا بە مانای بەرهەمی هەوڵێکی لەو شێوەیە بێت. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی بەرفراوان لە بواری پزیشکی، زانست، پیشەسازی، پەیوەندی، گواستنەوە و ژیانی ڕۆژانەدا باو بووە. تەکنەلۆژیاکان بریتین لە شتە فیزیکیەکانی وەک کەلوپەل یان ئامێر و ئامرازە نامەعنەوییەکانی وەک نەرمەکاڵا. زۆر پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا. سەرەتاییترین تەکنەلۆجیای ناسراو کەرەستەی بەردینە، کە لە سەردەمی پێش مێژوودا بەکارهاتووە، دواتر بەکارهێنانی ئاگر، کە یارمەتیدەر بووە لە گەشەکردنی مێشکی مرۆڤ و گەشەکردنی زمان لە سەردەمی سەهۆڵبەندان. داهێنانی ویل لە سەردەمی برۆنزیدا بووە هۆی ئەوەی گەشتێکی فراوانتر و دروستکردنی ئامێری ئاڵۆزتر بکرێت. پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی ئەم دواییە، لەوانەش چاپخانە، تەلەفۆن و ئینتەرنێت، بەربەستەکانی پەیوەندیکردنیان دابەزاندووە و ئابووری زانینیان هێناوەتە ئاراوە. لە کاتێکدا تەکنەلۆژیا بەشدارە لە گەشەسەندنی ئابووری و خۆشگوزەرانی مرۆڤ، بەڵام دەتوانێت کاریگەری نەرێنی وەک پیسبوون یان کەمبوونەوەی سەرچاوەکان هەبێت، یان زیانی کۆمەڵایەتی وەک بێکاری تەکنەلۆژی کە بەهۆی ئۆتۆماتیکیەوە دروست دەبێت. لە ئەنجامدا مشتومڕی فەلسەفی و سیاسی لەسەر ڕۆڵ و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا و ئەخلاقی تەکنەلۆژیا و کەمکردنەوەی لایەنە خراپەکانی تەکنەلۆژیا سەریهەڵداوە. بزووتنەوە مێژوویی و هاوچەرخەکانی وەک نیو-لودیزم و ئەنارکۆ-پریمیتیڤیزم ڕەخنە لە پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا دەگرن، لە کاتێکدا لایەنگرانی ترانزومانیزم و تەکنۆ-پێشکەوتنخوازی چالاکانە پشتگیری لە گۆڕانکاری تەکنەلۆژی دەکەن و وەک ڕزگارکەر سەیری دەکەن. زۆرێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی تەکنەلۆژیا دەتوانرێت لە ڕێگەی داهێنانە تەکنەلۆژییەکانی وەک وزەی نوێبووەوە لە گواستنەوە و پیشەسازیدا، بەرهەمە جینییەکانی دەستکاریکراو بۆ چارەسەرکردنی کەمبوونەوەی خاک، و گەڕان بەدوای بۆشایی ئاسمان بۆ کەمکردنەوەی مەترسییە کارەساتبارەکانی جیهان کەمبکرێنەوە(محمد ،٤٢، ٢٠٠٩).

## سودەکانی تەکنەلۆژیا

تەکنەلۆژیا پرۆسەی کشتوکاڵی بە ئامێر کردوە: کشتوکاڵی مۆدرێن بە تەکنەلۆژیا پێویستی بە خەلکانێکی کەم هەیە بۆ گەشەسەندن لە چەندێتی بەرهەمهێنانی خۆراک لە ماوەیەکی زۆر کەم (عثمان٢٠١٣،١٧).

تەکنەلۆژیا گەشەی بە گواستنەوە داوە: گواستنەوە بۆ تەکنەلۆژیا بوارێکی گەورەیە و بۆ هەردوو ئاراستەی کۆمەڵگا و بازرگانی بەهۆی شێوازی نوێی گواستنەوە بۆتە مایەی چاکە، گواستنەوە دەتوانێت توانای جوڵانی گەورە بەخەلک بدات. جۆرەکانی تەکنەلۆژیای گواستنەوە ئەمانەیە

١- گواستنەوە لە وشکانی بەهۆی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفر و پایسکیل ...هتدد

٢- گواستنەوەی هەوایی بەهۆی فڕۆکە.

٣- گواستەنەوەی ئاوی بەهۆی کەشتی و بەلەمەوە.

٤- گواستەوە لە بۆشایی ئاسمان بۆ چونە سەرمانگ و هەسارەکاني.

تەکنەلۆژیا گەشەی بە پەیوەندی و گەیاندنەکان داوە: پەیوەندیەکانی بۆ چەند مەبەستێک دەکرێن، گروپەکان و کۆمەڵگا هەردوکیان بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری پشت بە بواری گەیاندن دەبەستن، بەهەمان شێوە خەڵک بۆ پەیوەندی کردن تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن، ڕاگەیاندنە ئەلکترۆنییەکان وەک(ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئەنتەر نێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان) ڕۆژانەچەندین سودمان پێدەگەیەنن، هەروەها لە زۆربەی وڵاتان تەڵەفزیۆن و ڕادیۆ بۆ دەنگی کومەڵگا بەکارهێنراوە، هەروەها خەڵک ئەتوان بەۆی مۆبایلەوە پەیوەندی بکەن و هاوبەشی لە بیرۆکەی گفتوگۆ کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسیەکان بکەن(محمد ،٤٤،٢٠٠٩).

تەکنەلۆژیا گەشەی بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن داوە: بێگومان بواری پەروەردەو فێرکردن بڕبڕەی پشتی ئابوورین، خەڵک پێویستی بە ژێرخانکە لە پەروەردەو زانین کە بەهۆیەوە زانیاریەکان لێکدەدەنەوە، تەکنەلۆژیایەکانی ئایپاد و موبایڵ و بۆردی ئەڵکترۆنی کە لە هۆڵی وانەکان هەن بۆ باشترکردنی ڕەوشی قوتابیان و فێربوونی خێراتر و باشتر، هەروەها لە ئامێرە ئەڵکترۆنیەکان چەندین ئەپ و پرۆگرام هەن کە قوتابیان دەتوانن زانیاریە ئەکادیمیەکان لەهەر کتابێک بێت فێربن و بخوێنەوە(محمد ،٤٧،٢٠٠٩).

تەکنەلۆژیا گەشەی بە بواری تەندروستی داوە: تەکنەلۆژیا ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی تەندروستی، وەک دروستکردنی چەندین جۆری ئامێر و کەرستەی جیاواز لەم بوارەدا کە وایکردوە کارەکان ئاسانتر و خێرتر بکرێن(محمد ،٥٢،٢٠٠٩).

# زیانەکانی تەکنەلۆژیا

نەهێشتنی سەرچاوەو سامانەکان: بەهۆی پێداویستییەکان بۆ تەکنەلۆژیای نوێ ئێمە زۆرتر پەستان دەخەینە سەر ئەو سەرچاوە کانزایانەی زەویی، بەزیادبوون و دروستکردنی ئامێرەکان بەکارهێنانی کانزاو کەرستە سروشتییەکان چەندین ملیار ساڵ پێویستە بۆ دروستبونەوەیان.

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان: تەکنەلۆژیا ئاسانکاری گەشەی تەندروستی پێداوە و بۆ لێکۆڵینەوەکان بۆ چارەسەری کێشەی تەندروستی یارمەتی دەرە بۆمرۆڤ، بەڵام ئەمە بۆتە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، تەنانەت لەهەندێک وڵات لەدایک بوون سنوردار کراوە بۆ ڕێگری کردنە لە ژمارەی دانیشتوان.

تەکنەلۆژیا پیسکردنی ژینگەیی زۆرتری کردووە: پیسکردن کاریگەری کردۆتە سەر شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوی خواردنەوە و تەنانەت ئەو هەوایەی هەڵی دەمژین، زیادبوونی پشتبەستنی تەکنەلۆژیا نوێییەکان بۆتە هۆی زۆر بوونی دروستکردن و بەرهەمهێنان و کارگەکان، لەگەڵ دروستکردنی تەکنەلۆژیا زۆرتر و باشتر چەندین جۆر گاز و مادەی کیمیاوی زیان بەخش بڵاودەبنەوە کە زیانی گەورەی بە ژینگە گەیاندووە(العمار، مع موقع الالکتروني،٢٥/١٠/٢٠١١).

تەکنەلۆژیا کاریگەری خستۆتە سەر ژیانی تاکەکان: لەگەڵ سودەکانی تەکنەلۆژیا و ئامێرە ئەلکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ چەندین زیانیان هەیە لەسەر تاکەکان زیانی کۆمەڵایەتی: تێکدانی بەرنامەی ژیانی ڕۆژانە، بەفیڕۆدانی کات، تێکدانی هەست و توشبوون بە گۆشەگیری و خەمۆکی و تێکچوونی دەرونی، ئاڵۆدبوون بە تەکنەلۆژیا، هۆکاری جیابوونەوەی خێزانەکان، بوون بەکەسێکی خراپ لەپشت شاشە، دروستکردنی پەیوەندی نادروست(العمار، مع موقع الالکتروني،٢٥/١٠/٢٠١١).

زیانی تەندروستی: کەمکردنەوەی وزە، زیان گەیاندن بە پشت و مل وچاو وگوێ بێهێزی و تێکچونی دەرونی، کاریگەری خراپ بۆ مێشک و زیان گەیاندن بە منداڵ(العمار، مع موقع الالکتروني،٢٥/١٠/٢٠١١).

# هوتێڵ کریستاڵ

مێژووی کریستاڵ لە ئیمارات لە ساڵی(٢٠٠٧) دامەزراوە و دوورگەکانی ڤێرجینی بەریتانی لەساڵی(٢٠١٢) لەلایەن(پیتەر بلاکێبێرن) بۆ پێشکەشکردنی ڕاوێژکاری میوانداری ئاستی جیهانی و خزمەتگوزاری تەکنیکی و بەڕێوەبردنی سامان بەڕێوەبردنی بڕاند. وەکو هۆتێڵ و گەشتیاریکریستاڵ کاردەکات لە نیسانی(٢٠٠٩)، موڵکی سەرەکی خۆی لە هوتێلی ئەبوزەبی کریستاڵ کردووە.

بیرۆکەی((کریستاڵ)) لە بەردێکی بەهادارەوە تاوەکو شێوەی لایەنی پیرمەزەکەی هەیە، کە هەروەها هێمای بەهاکانمانە، ئەمە هەموو ئەو شتانەیە کە ئێمە لە کریستاڵ دەکەین وە سیستەمی بەهاکانمانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەدرێژخایەنەکانمان.

بۆ دەستپێکدنی ئەم گەشتە نوێیە لە هوتێڵی کریستاڵ ئەبو زەبی و کریستاڵ گراند ئیشتار و کریستاڵ هەولێر دەستمان پیکرد و چەندین تایبەت مەندی دیکە هەیە وەک بەشێک لە پڵانی فراوانبوونی گەورە کە لە کۆتایی بەدوایدا دێت.



**- بەڕێوەبەری گشتی**: ئەو کەسەیە کە بەرپرسە لە دانانی پلان و ڕێکخستن و ئاراستە کردن و بەدووا داچون و چاودێری کردنیان، وە جێ بەجێکردنی بریاری گونجاو بۆ هوتێل.

**- یاری دەری بەڕێوەبەر:** بریتییە لە جێ بەجێکردنی ئەو بریارانەی کەلەلایەن بەڕێوەبەری گشتی دەردەکرێت، پێی ڕادەسپێردرێت لەلایەن ئەو کەسەش جێ بەجێ دەکرێت.

**- سکرتێری جێ بەجێکار:** بەڕێوەبەری کردارەکان و ئەو کەسەیە بەرپرسە لە جێ بەجێکردنی کارەکان و بریارەکان.

**- بەڕێوەبەری سەرچاوە مرۆیەکان:** ئەو بەڕێوەبەرەیە کە بەرپرسە لە دانانی پلان بۆ سەرچاوەی مرۆیی و هەڵبژاردنیان و پەرەپێدانیان و موچەپێدانیان، کەڕێکخراو دڵنیا دەبێت لە پارێزگاری کردنی سەرچاوە مرۆیەکانی خۆی، وە ڕێکخستن و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو کارە لە ڕێگەی دابینکردنی ئەو پێداویستیانەی کە سودمەندە بۆ ئەنجامدانی ئەو پلانە، وەهەروەها سەرکردایەتی کردن و جێ بەجێکردنی ئەو پلانە و چاودێری کردنی گشت قۆناغەکان.

**- بەڕێوەبەری نوسینگەی پێشەوە:** یەکەم ئەرکی جێشەجێ دەکرێ لە پێشوازی دەست پێدەکات هۆتێل بۆ وەڵام دانەوەی میوانەکانی ڕۆژانە وەکو پرسینی نرخ، وەگرتنی ژور بەکرێ وە حجز کردنی مێزو حجزکردنی هۆڵ بۆ بۆنەو ئاهەنگەکان، ئەم هۆتێلە سیستەمێک بەکاردێنی لەم سیتەمە بۆ زانینی ژورەکان چەند ڕەنگێک بەکار دێت کە هەریەکیان مانای بەکار هێنانی خۆی هەیە، وەکو ڕەنگی زەرد بەواتای بەتەواوەتی ئامادەکراوە بۆ میوانەکان، ڕەنگی ڕەش بەتەواوی لەکار کەوتووە، ڕەنگی سور میوانی تێدایە، ئەمانە هەموو کار ئاسانییێک بۆ کارمەندان.



**ـ بەڕێوەبەری چێشتخانە:**ئەم بەڕێوبەرەکەسەرپەرشتی تەواوی چێشتخانەدەکاتبەرپرسیارەتی تەواوی هەیەلەخواردنەکان وسەرپەرشتی چێشت لێنەرێکی تردەکات کەپلەی خوارخۆیەتی لەدروست کردنی جۆراوجۆریەتی خواردنەکان وهەندیکجارخۆشی دروستی دەکات و رێنمایی دەردەکات.



**ـ بەڕێوەبەری بەشی فرۆشتن و بەبازاڕکردن:** واتا ئەو کەسەیە کاری ئۆن لاین دەکات بەڕێکلام کردن، بەشاشە یاخود هەر ڕێکلامێک بۆ ئەوەی بەبازاڕکردن بۆ هۆتێل بکات، وەکو ئۆفەر و داشکاندن لە بۆنەو وەرزەکان.

**ـ بەڕێوەبەری ئایتی:** ئەو کەسەیە کە ڕۆژانە کار و باری هۆتێل بەڕێوە دەبات.

**ـ کارمەند:** ئەوکارمەندانە دەگرێتەوە بۆ کار و باری هۆتێل، ڕژانە بە بەردەوام ئەو کارمەندانە ئەرکیان پێدەسپێردرێت و ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن و ژمارەی ئەو کارمەندانە دەگاتە(١٠٠)کەس، هەر وەکو کارکردنیان جیاوازە و کاتی کارکردنیشیان جیاوازە.

ئامانجی ئەوەیە ببێتە یەکەمین کارپێکەری بازرگانی و هۆتێل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و ئەفریقیا، کریستاڵ پڵانێکی فراوانکردنی بە وریاییەوە هەیە، بۆزیادکردنی کۆگایکۆمپانیایەکە بۆ(٢٥)مولک بۆ ماوەی(٥ بۆ ١٠) ساڵ.

# بەشی سێیەم

## بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری

**١-خزمەتگوزاری گەشتیاری:** ئەمانە ئەو بزنسانەن کە ئاسوودەیی و ئاسانکاری بۆ گەشتیاران دەبەخشن لەکاتی کڕین یان بەکارهێنانی خزمەتگوزاری یان کەلوپەلی گەشتیاری لەکاتی گەشتەکەیان یان مانەوەیان لە دامەزراوە گەشتیارییەکان دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەسڵی خۆیان.

**- جێری کاسپەر(Jery Casper)**، ئەندامی ئەکادیمیای نێودەوڵەتی گەشتیاری، تەنها پێناسەی کردووە (وەک کۆمەڵێک پەیامی ماددی کە پێویستە بۆ دەستەبەرکردن و ئاسانکاری بۆ بەشداریکردنی خەڵک لە سیاسەتدا، گەیشتن بە ئامانجەکانی، و دروستکردن و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی گەشتیاری).

**- وایرایت(Wiright)**، بە کۆمەڵێک سیفەت و تایبەتمەندی پێناسەی کردووە کە توانای دابینکردنی پێداویستی و ئارەزووەکانی میوانیان هەیە بەپێی پلەی گونجان لەگەڵ ئەوەی کە لەسەری ڕێککەوتووە.

پێناسەی داهات: بریتیە لە کۆمەڵێک چالاکی یان کار کە لە سروشتدا، کە تێربوون و بەدیهێنانی پێداویستی و ئارەزووەکانی کڕیار بەدەست دەهێنن لە کاتی کڕینی کاڵایەکی گەشتیاری یان بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەک لە کاتی گەشتەکەیدا یان مانەوە لە شوێنە گەشتیارییەکانی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونی ڕەسەن، بەدەستهێنانی گەڕانەوە بۆ ئەو کەسەی کە پێشکەشی دەکات (ایمن،٢٠٠٩،٧٤).

**٢- بەبازاڕکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری:** هەموو ئەو هەوڵ و چالاکیانەی کە بە هاوئاهەنگی بیرمەندانە لەلایەن هەموو دابینکەرانی خزمەتگوزاری گەشتیارییەوە ئەنجام دەدرێن بە توخمە جیاوازەکانیان یان بەشە جیاوازەکانیان کە ئامانجیان تێرکردنی سەلیقەی ئەو کەسانەیە کە ئارەزووی گەشتوگوزاریان هەیە بە شێوەی جۆراوجۆر.

جێبەجێکردنی چالاکییەکانی ڕێکخراوە کە ڕووبەڕووی ڕۆیشتنی خزمەتگوزارییەکان لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەری کۆتایی بە ئامانجی تێرکردنی پێداویستی و ئارەزووەکانی بەکاربەر بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە.

ئەو پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە تاک و گروپەکان دەتوانن لە ڕێگەی دروستکردن و ئاڵوگۆڕی بەرهەم و خزمەتگوزاری بە بەها لەگەڵ ئەوانی تردا پێداویستی و ئارەزووەکانیان تێر بکەن.

پرۆسەی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە تاک و گروپەکان دەتوانن لە ڕێگەی دروستکردن و ئاڵوگۆڕی بەرهەم و خزمەتگوزاری بە بەهای هاوتا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پێداویستی و ئارەزووەکانیان تێر بکەن (الورداني، الموقع الالكروني، ٢٣/ ١٠/ ٢٠١١).

## بازاری گەشتیاری

بازاری گەشتیاری بەهوی زوری پالنەری گەشتیاری و بازارە جیاوازەکان لەشوینە جوگرافیە جیاوازەکان جا چ ناخویی بێت یان دەرەکی دەتوانرێت بە دوو شێواز دیاری بکرێت.

جورەکانی بازاری گەشتیاری لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دیاری دەکرێت:-

یەکەم/ بازاری گەشتیاری بەپێی شوێنی جوگرافی بازار.

دووەم/ بازاری گەشتیاری بەپێی پالنەری گەشتیاری.

یەکەم/ بازاری گەشتیاری بەپێی شوێنی جوگرافی بازار.

بازاری گەشتیاری بەپێی شوێنی جوگرافی بازار سێ بەشی سەرەکی لە خو دەگرێت:-

١- بازاری ناوخویی:- بریتییە لە خزمەتگوزاری گەشتیاری ناوخویی کەلە لایەن ولاتەوە بو کومەلگا دابین دەکرێت، وەکو دابین کردنی زەوی بو کومەلگا گەشتیارییەکان و دابین کردنی کارەبا هوتیل و موتیل بەمەبەستی زیادبوونی هوشیاری کومەلگا لە خزمەتگوزاری گەشتیاریدا.

٢- بازاری هەرێمی:- بەپێی ئەم بازارە بازاری گەشتیاری خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات بو هەرێمێکی دیاری کراو لە چەند ولاتێك دا. بو نموونە بازاری روژهەلاتی ناوەراست.

٣- بازاری جیهانگیری: بازارێکی زور فراوانە کە چەند کێشوەرێك دەگرێتەوە. بو نموونە هێزی ناتو(الظاهر، الیاس ،٦٨،٢٠١٢).

دووەم/ بازاری گەشتیاری بەپێی پالنەری گەشتیاری.

١- بازاری گەشتیاری چارەسەری:- پولێکیگەشتیاری دیاری کراودەگرێتەوە لە ناوەوەی ولات یان بو دەرەوەی ولات بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخوشی، بو نموونە: خواردنەوەی ئاوی شێخی بالەك بو چارەسەری نەخوشی کلیە.

٢- بازاری گەشتیاری خوشگوزەرانی:- بریتییە لە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریبو پولێکیگەشتیاری دیاری کراو، کە حەزدەکەن و خوشی

وەردەگرن لەو جموجولە نوێیانەی کە دەیبینن وەکو: رووبارەکان و چیاکان و شوێنەوارەکان...هتد.

٣- بازاری گەشتیاری گەشت کردن:-بریتییە لە جورە گەشتێکی تایبەت و دیاری کراو، وەکو گەشت کردن بو راوە ماسی یاخود گەشتی ئاسمانی(الظاهر، الیاس ،٦٩، ٢٠١٢). .

٤- بازاری گەشتیاری ئاینی:- بریتییە لە گەشت کردن بو ئەنجام دانی هندێك ئەرك و مەراسیمی ئاینی کە لە ئاینە جیاوازەکاندا هاتووە بو بەهێزبوونی بیروباوەر لە بواری ئاینەکەی خویدا، وەکو حەج کردن و مەراسیمی عاشورا...هتد.

٥- بازاری گەشتیاری کومەلایەتی:- پولێکیگەشتیاری دیاری کراودەگرێتەوە کە گەشت دەکەن بەمەبەستی ئاشنابوون و شارەزابوون لە هەلسوکەوت و بەها و بیروباوەر و داب و نەریتی گەلانی تر.

٦- بازاری گەشتیاری رووشنبیری:- پولێکیگەشتیاری دیاری کراودەگرێتەوە کە گرنگی دەدەن بە ئاشنابوون و شارەزابوون و خوێندنەوەی مێژووی چەرخی کون وگرنگی دەدەن بە شارستانیەتە کونەکان وەکو قەلای هەولێر و هەرەمەکانی مصر.

٧- بازاری گەشتیاری کونگرەکان:- بریتییە لە دابین کردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری وەکو ( ڤیزە و بلیت و هوتیل و رێستورانت...هتد) بو ئەو گەشتیارانەی کە پێشوازیان لێ دەکرێت لەسەر ئاستی جیهان کە بەمەبەستی بەشداری کردن لە کونگرەیەکی دیاری کراو سەردانی ولاتێکی دیاری کراو دەکەن.

٨- بازاری گەشتیاری مێژوویی:- بریتییە لە ئەنجام دانی ئولومپیە جیاوازەکان لەسەر ئاستی جیهان وەکو موندیال و یاریەکانی گورەپان و مەیدان و پێشبرکێی مەلەوانی و راکردن و ئوتومبیڵ(الظاهر، الیاس ،٦٨، ٢٠١٢).

# بەشی:چوارەم

**یەکەم:**پرسیارەکانی تایبەت بە زانیاری گشتی

**دووەم:** وەسفی ڕەهەندەکانی تەکنەلوجیا دیاریکردنی لەسەر ئاستی خزمەتگوزاری

**سێیەم:** وەسفی گۆڕانی خزمەتگوزاری بازرگانی گەشتیاری لەسەر ئاستی میوانخانەکان

**باسی یەکەم:** پرسیارەکانی تایبەت بە کەسایەتی کە ڕاپرسیان لەگەڵ دەکەین

خشتەی(١) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوە دەردەخات

| پرسیار | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ١٧ | ٥٦.٧٪ |
| مێ | ١٣ | ٤٣.٣٪ |
| کۆیی گشتی | ٣٠ | ١٠٠٪ |

ئەم خشتەیە ڕەگەزی نمونەیی توێژینەوە دیار دەکەن بەڕێژەی زیاتر وەرگیراوە، ڕەگەزی نێر بەڕێژەی(٥٦,٧٪)،وەرەگەزی مێ(٤٣,٣٪)، دەکرێ هۆکاری بەشداریکردنی نێرەکان لە توێژینەوە دا لەسەر کاریگەری تەکنەڵۆژیا لەسەر کواڵێتی خزمەتگوزاری گەشتیارییە، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری ڕەگەزی تەکنەڵۆژیا و سودەکانی بەکارهێنانیدا، بەپێی تو ێژ ینەو ەکان، پیاوان زیاتر حەزیان لە تەکنەلۆ ژ یایە و سەرقاڵی ئەوەن بە بەراورد بە کچان، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەک تەکنەلۆ ژ یای زانیار ی، یاریکردن و چاڵاکییەکانی پەیو ەست بە ئامێرەکان. ئەمەش ڕەنگە ئەگەری ئەوە زیاد بکات کەکو ڕان ڕازیین بە بەشداریکردن لە لێ کۆڵینەوە سەبارەت بە تەکنەڵۆژیا وکاریگەرییەکانی لە سەر ز ۆرێک لە کارەکان، لەنێو یاندا خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان. جگە لەوەش، ڕێکەوتننامە کۆمەڵایەتییەکان و چاوەڕوانییە کولتوورییەکان ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئەو ڕادەیەی کە ژن و پیاو هاندەدرێن یان پاڵنەریان بۆ دەدرێن بۆ بەشداریکردن لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیانە.

خشتەی(٢) ئاستی تەمەنی نمونەیی توێژینەوە دەر دەخات

| ئاستی تەمەن | د ووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٢٠- ٣٠ ساڵ | ١١ | ٣٦,٧٪ |
| ٣١-٤٠ساڵ | ١٥ | ٥٠,٠٪ |
| ٤١-٥٠ساڵ | ٤ | ١٣,٣٪ |
| کۆی گشتی | ٣٠ | ١٠٠,١٪ |

زاڵبوونی بەشداربووان لەنێوان تەمەنی(٣١) بۆ (٤٠)ساڵیدا لەتوێژینەوەکەدا دەتوانرێت بگەڕێنرێتە،وەبۆ چەند هۆکارێک

**لێهاتوویی تەکنەلۆ ژی:** تاکەکانی ئەم گرووپە تەمەنییە زۆرجار ئاستی ئاشنابوون و ئاسوودەییان لەگەڵ تەکنەلۆژیا بەرزترە بە بەراورد بە نەوەکۆنەکان. لەوانەیە ئەوان شارەزاتر بن لە بەکارهێنانی ئامراز و پالتفۆرمە دیجیتاڵییە جیاوازەکان، ئەمەش وایان لێدەکات زیاتر بەشدار ی لە توێژینەوەیەکدا بکەن کە تیایدا سەرنجی لەسەر تەکنەلۆژیا و کاریگەرییەکانی لەسەر خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان بێت.

**بنکەی بەکاربەری چالاک:** زۆرجار ئەو کەسانەی لە تەمەنی سی ساڵاندان لە قۆناغی سەرەکی پیشەی پیشەیی خۆیاندان و داهاتی خاوەندارێتی زیاتریان هەیە. لە ئەنجامدا، لەوانەیە بەکارهێنە رێکی چالاکتربن لەخزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و زیاتر ئارەزووی ئەوە بکەن کە تێبگەن کە چۆن تەکنەلۆ ژ یا کاریگەر ی لەسە ر ئەزموونی گەشتەکانیان هەیە.

**ئارەزووی داهێنان:** تاکەکانی ئەم تەمەنە بەشێوەیەکی گشتی کراوەن بۆ وەرگرتنی تەکنەلۆژیا و داهێنانی نوێ.

لەوانەیە ئەوان کنجکاوبن کە چۆن تەکنەلۆژیا سەرهەڵداوەکان پیشەسازی گەشت یاری لە قاڵب دەدەن و هەربۆیە زیاتر مەیلیان بۆ بەشداریکردن لەتوێژینەوەیەکدا هەبێت کەلێکۆڵینەوە لەم بابەتەدەکات.

**دەست ڕاگەیشتن:** بەگشتی گەورە ساڵانی گەنجتر دەست ڕاگەیشتنیان زیاترە بۆ توێژینەوەکان بەهۆی هۆکارەکانی وەک ئاستی بەرزی خوێندن، دامەزراندن و دەست ڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت. لەوانەیە ئەوان زیاتر وەڵامدەرەوەبن بۆ هەوڵەکانی دامەزراندنی کارمەند و ئەگەری زیاتریان هەبێت کەبە شداری لە کەرەستەی توێژینەوەکەدا بکەن.

خشتەی(٣) ئاستی ڕۆشنبیری نمونەیی توێژینەوەکەمان دەردەخات

| ئاست | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | ١ | ٣٪ |
| ناوەندی | ٣ | ١٠٪ |
| ئامادەیی | 4 | ١٣٪ |
| پەیمانگا | ١٠ | ٣٣٪ |
| زانکۆ | ١٢ | ٤٠٪ |
| کۆیی گشتی | ٤٠ | ١٠٠٪ |

بەشداریکردنی زیاتری خو یندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەبەراورد لەگەڵ خوێندکارانی قۆناغی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی لەتو یژینەوەکەدا ئەگەری زۆرە بەهۆی هۆکارەکانی وەک دەستڕاگەیشتنیان بۆ توێژینەوە، زیاتر ئارەزووی
چالاکییەئەکادیمییەکان، توانای ڕەزامەندی ئاگادار، پەیوەندی بەکاری کۆرس و بەردەستبوون بێت، سەرچاوەکانی ناو دامەزراوەئەکادیمییەکان.

خشتەی(4) شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەیی توێژینەوە

| ناوەندی کۆمەڵایەتی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لادی | ٣ | ١٠,٠٪ |
| نیمچە شار نشینی | ٧ | ٢٣,٣٪ |
| شارنشینی | ٢٠ | ٦٦,٧٪ |
| کۆیی گشتی | ٣٠ | ١٠٠٪ |

١. ناوچە شارییەکان ژێرخانی باشتر یان هەیە، ئەمەش دامەزراندنی کارمەند و بەشداریکردن ئاسانتر دەکات.

٢. دانیشتوانی شارەکان زیاتر ئاگاداری دەرفەتەکانی توێژینەوەن و سەرقاڵبیێ پێشکەوتنی تەکنەلۆ ژ یان.

٣. خوێندنی باڵاو باری ئابووری کۆمەڵایەتی لەناوچە شارییەکان وادەکات دانیشتووان زیاتر بەشداری بکەن.

٤. دانیشتوانی شارەکان زیاتر لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە خوێندەوارن و زیاتر دەستیان بە سەرچاوە دیجیتاڵییەکان دەگات.

٥. ڕەنگە بەشداریکردن لە توێژینەوەکەدا بۆ دانیشتوانی شارەکان گونجاوتر بێت بەهۆی نز یکی و بژاردەکانی گواستنەوە.

**باسی دووەم: پرسیارەکانی تایبەت بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە:**

خشتەی (٥) پێشوازی کردنی کارمەندانی هۆتێلەکان هەموویان لە یەک ئاستدان؟

| پرسیار | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تەواو هاوڕاین | ٢ | ٦,٧٪ |
| هاوڕاین | ٦ | ٢٠,٠٪ |
| بێلایەن | ٤ | ١٣,٣٪ |
| هاوڕانین | ٩ | ٣٠,٠٪ |
| هەرگیز هاوڕانین | ٩ | ٣٠,٠٪ |
| کۆیی گشتی | ٣٠ | ١٠٠٪ |

هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی بەشداربووان هاوڕا نەبوون یان بە توندی ناکۆک بوون لەگەڵ ئەو لێدوانەی (ئایا پێشوازیکردن لە کارمەندانی هۆتێلەکان هەمووی لە یەک ئاستدایە)؟ دەکرێت بەهۆی گۆڕانکاری لە کوالیتی خزمەتگوزاری کڕیاران بێت کە لەلایەن کارمەندانی جیاوازی هۆتێلەکانەوە پێشکەش دەکرێت. هۆکارەکانی وەک هەڵوێستی تاکەکەسی، ڕاهێنان، ئەزموون و باری کار لەوانەیە بەشداربن لە جیاوازی ئاستی پێشوازیکردن کە لەلایەن ستافی هۆتێلەکانەوە پێشکەش دەکرێت. سەرەڕای ئەوەش، تێڕوانینەکان بۆ کوالیتی خزمەتگوزاری دەتوانێت لە نێوان میوانەکاندا جیاواز بێت بە پشتبەستن بە کارلێکەکانیان لەگەڵ کارمەندان یان بەشە تایبەتەکانی ناو هۆتێلەکە. بۆیە ڕەنگە وەڵامدەرەوەکان ئاماژەیان بە ناکۆکییان لەگەڵ لێدوانەکەدا کردبێت بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانیان لەگەڵ ئاستی ناتەبایی پێشوازیکردن لەلایەن کارمەندانی هۆتێلەکانەوە.

